فەتواکانی لێژنەی باڵای
فەتوای کوردستان

# حوکمی راپرسی لە پێناوی سەربەخۆیی

یەکێتی
زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
لیژنەی بالای فەتوا

إتحاد
علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
اللجنة العليا للإفتاء

بابەت/ حوکمی ڕاپرسی لە پێناوی سەربەخۆییدا

ژمارەی فەتوا/ ١١ / ٢٠١٧ ... بەروار/ ٢٦ ی زی الحجە ١٤٣٨ ك – ١٧ی ئەیلول ٢٠١٧ ز

جۆر: فیقهی سەردەم .

فەتوادەر: لیژنەی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان .

((حوکمی ڕاپرسی لە پێناوی سەربەخۆییدا ))

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ .... فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ﴾ النحل: ٤٣.

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على أشرف المرسلين وعلى آله وأصحابه ومن اتّبعهم بإحسان إلى يوم الدّين ...

دوا بەدوایی ئەوەی ڕۆژی ٢٠١٧/٩/٢٥ دەستنیشان کرا وەك ڕۆژی ڕاپرسی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، لێرە و لەوێ چەند فەتوایەکی دژ بە دروستی و شەرعیەتی ئەم پرۆسەیە بلاوکرایەوە، لە چەند لایەکەوە پرسیار ئاراستەی لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان کرا سەبارەت بەم فەتوایانەو شەرعیەتی ڕاپرسی بە مەبەستی سەربەخۆیی و بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین، ئەوە بوو لە بەرواری ٢٠١٧/٩/١٧ لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان لە مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان کۆبونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا بۆ بەدواداچوون و تاوتوێکردنی ئەم بابەتە، دوایی بەدواداچوون و توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی بابەتەکە لە ڕووی سلبیات و ئیجابیات و بەراوردکردنی لەگەڵ بەڵگە شەرعیەکان و قیاسکردنی بابەتەکە لەگەڵ بابەت و حوکمە شەرعیە هاوشێوەکانی، لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان بە کۆی دەنگی ئەندامەکانی ئەم فەتوایەی خوارەوەی دەرکرد:

یەکەم: ئەنجامدانی (ڕاپرسی) مافێکی سرووشتی و شەرعی و دەستورییە، چونکە لە دەستوری عیراقدا ئیسلام بە ئاینی فەرمی دەوڵەت دادەنرێت، سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانیشە، هەر لە دەستورەکەشدا هاتووە کە نابێ یاسایەك دابرێژرێت دژ بە دەقە نەگۆڕەکانی ئیسلام بێت، هەر لەم سۆنگەشەوە لیژنەی باڵای فەتوا هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت کە (ڕاپرسی بۆ گەیشتن بە مافی سەربەخۆیی و بونیاتنانی دەوڵەتی کوردی، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ پرەنسیبەکانی شەریعەتی ئیسلام ناکۆك نییە، بەڵکو یەکانگیرە لەگەڵ بنەما و مەبەستەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام) چونکە:

أ- ڕاپرسی بەشێکە لە شورا و مەبدەئی پرس و ڕاوەرگرتن، کە لە قورئانی پیرۆزدا خوای گەورە ستایشی موسڵمانانی پێ دەکا و دەفەرمووێ: {وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ}[1]، لە هەمان کاتیشدا پرەنسیپێکی ئینسانی و کۆمەلایەتی و ئەخلاقیشە و بەشێکە لە شێوازی حوکمداری ئیسلامی.

---

١- الآية ٣٨ من سورة الشورى .

ناونیشان: هەولیر ـ شەقامی ٦٠مەتری ـ بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العـنوان : إقليم كوردستان ـ اربيل ـ الشارع الستيني ـ مقابل البرلمان
www.zanayan.org

ب- ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی" یەکانگیرە لەگەڵ پڕەنسیپی دادگەری، خوای گەورەش دەفەرمووێ: {إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ}[1].

ج- ئەو یاسا و پڕەنسیپەی کە دەڵێت: (هەر گەلێك مافی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت و خۆی حوکمی خۆی بکات و ئازاد بێت لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی)" یەکانگیرە لەگەڵ ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ}[2].

د- مانەوەی هەرێمی کوردستان بە بێ دەوڵەتی سەربەخۆ" مانای ئەوەیە کە هەر لەژێر ڕەحمەتی ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراقدا بمێنێتەوە" کە لە ڕابردوودا دەستی گرتبوو بەسەر هەموو مافەکانی هاوولاتیبوون و بە چاوی کەم و پلە دوو و سێ سەیرکراوە، کە بێگومان ئەمەش یەکناگرێتەوە لەگەڵ بنەماکانی یەکسانی و دادگەری لە ئەرك و مافدا، لە کاتێکدا کە پێغەمبەری خوا درودی خوای لەسەر بێت لە وتاریماڵئاواییش فەرموویەتی: "يا أيها الناس، إنَّ ربكم واحد، وإنَّ أباكم واحد، ألا لا فضل لعربي على عجمي، ولا لعجمي على عربي، ولا لأحمر على أسود، ولا أسود على أحمر، إلا بالتقوى"[3]، ئەمە جگە لەوەی کە هەرێمی کورستان بێ سنورێکی سیاسی سەربەخۆ و دانپێدانراو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ڕووبەڕووی توانەوە و لەناوچوونی دەکاتەوەو دەبێتە نێچیرێکی ئاسانی ڕاوچیانی چاوتێبرو هەڵپەرست.

هـ - ڕێگریکردن لە خەلك و دانیشتوانی هەرێم، لەوەی کە سادەترین ماف پیادە بکەن و چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن" زوڵم و ستەمێکی حاشا هەڵنەگر و دزێوە، خوای گەورەش دەربارەی ستەمکاران فەرموویەتی: {إِنَّهُ لا يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ}[4]، ئەمە جگە لەوەی کە ژێر پێخستن و بێڕێزیکردنێکی زەقە بەرامبەر بە یاسا و ڕێککەوتن و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان، کە ولاتانی ئیسلامیش دانیان پێداناوە.

و- ڕاپرسی بۆ سەربەخۆبوون" بە مانای دەرچوونی گەلی کورد لە بازنەی ئوممەتی ئیسلامی نایێت، پێچەوانەی دەقە نەگۆڕەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش نییە" بەتایبەت کە لە ئێستادا هیچ خیلافەتێکی شەرعی موسڵمانانی کۆنەکردۆتەوە، تا بەهۆی بە دەولەتبوونی کوردستان لێك هەڵوەشێتەوە، هەروەك چۆن لە ڕابردووشدا دروستبوونی ئەو هەموو دەوڵەتانەی دیکە، لە ناو خاك و گەلی موسڵماناندا، بە مانای دەرچوونیان نەبووە لە بازنەی ئوممەتی ئیسلامیدا.

دووەم: گومان لەوە دانیە ئەو پێنج بنەما شەرعیەیی، کە پێیان دەگوترێ (المقاصد الشرعيه) یان (الضرورات الخمس)، کە بریتین لە پاراستنی ئاین و گیان و عەقل و ناموس و ماڵ" پاراستنیان ئەرك و واجبێکی شەرعیە، بەلام مێژووی کۆن و نوێی کورد دەیسەلمێنێ کە هیچ یەکێکیان نەپارێزراون، چونکە هەرێمی کوردستان بێبەش و دوورەپەرێزخراو بووە لە مافە سیاسیەکانی و خەلك و خاك و

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
لیژنەی باڵای فتوا
اللجنة العليا للافتاء
اتحاد علماء الدين الاسلامي في كوردستان

١- الآية ٩٠ من سورة النحل.

٢- الآية ١٣ من سورة الحجرات.

٣- بروانە: شعب الإيمان: (٧/ ١٣٢) برقم (٤٧٧٤) عن جابر بن عبد الله (رضي الله عنه)، و:مسند أحمد(٣٨/ ٤٧٤)برقم(٢٣٤٨٩).

٤-الآية ١٣٥ من سورة الأنعام.



ناونیشان: هەولیر - شەقامی ٦٠مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العـنوان : إقليم كوردستان - اربيل - الشارع الستينى - مقابل البرلمان
www.zanayan.org

ئاین و کەرامەتی هەردەم لەژێر هەڕەشەی پاکتاوی ڕەگەزی و ستەم و شەڕ دابووە، کە بێگومان یەکێک لە ئامانجەکانی سەربەخۆیی پارێزگاریکردنە لەو پێنج بنەما گەورەیە.

بۆیە بە ئاماژەدان بەو خالانەی کە باسکران" لیژنەی بالای فەتوای کوردستان ئەوە ڕادەگەیەنێت، کە: (**ڕاپرسی لە پێناو سەربەخۆیی" زەرورەتێکی شەرعی و مافێکی دەستووری و ئەرکێکی نەتەوەییە**)، هەر بۆیەش لیژنەی بالای فەتوا داوا لە هاونیشتیمانیانی دانیشتووی هەرێمی کوردستان و دەرەوەش دەکات، کە هەر کەسێك مافی دەنگدانی هەیە:

أ- ئەم هەلە مێژووییە بقۆزێتەوە و بە (بەلێ) دەنگ بدات بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی و ئەو مافانە وەدستبێنینەوە کە زیاتر لە ١٠٠ سالە زەوتکراون.

ب- داوا لە ولاتانی ئیسلامی و سەرجەم گەل و ولاتە ئازادەکان دەکەین، کە بڕوایان بە سەربەخۆیی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ هەیە" ڕێز لە داوا و بڕیاری گەلی هەرێمی کوردستان بگرن و هاوکاربن بۆ گەیشتن بە خواست و مافە زەوتکراوەکانی.

ج- داوایەکی تایبەتی ئاراستەی ولاتانی دراوسێ دەکەین، کە ڕێز لە ڕا و داوای برایانی خۆیان بگرن، کە هەم لە ئاین و هەم لە ئینسانیەتیش براو نزیك و دۆستن، یارمەتیدەریان بن بۆ گەیشتن بەم مافە یان و هەوڵ و تێکۆشانیان لەبەرچاو بگرن" نمونەیەکی جوانی برایەتی ڕاستەقینە نیشان بدەن، کە داوای ئیسلامە و پەیامی قورئانی پیرۆز نەخشاندوویەتی، کە دەفەرموێ: {إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ}[1]، و پێغەمبەری ڕەحمەت و میهرەبانیش درودی خوای لەسەر بێت ئەو برایەتییەی کردووە بە سەنگی مەحەکی بڕواداری، کە فەرموویەتی: «لا يؤمن أحدكم حتّى يحبّ لأخيه ما يحبّ لنفسه»[2].

ح- داوا لە حکومەتی کوردستان دەکات، بەتایبەت دوای ڕاپرسی" کە بە هەموو هێز و توانا و حیکمەتەوە ڕوو بەڕووی گەندەلی و گەندەلکاران ببێتەوە، لە پێناو گەشەسەندن و بلاوکردنەوەی دادگەری و ئازادی و ئاشتی کۆمەلایەتی و ناشتنی نەمامی خۆشەویستی و برایەتی و ئینسانیەت و داکۆکی لە بنەما ئیسلامی و ئینسانی و بەها بالاکان بکات، بۆ جیهانی پێشکەوتووی بسەلمێنێت، کە کوردستان فاکتەر و هۆکاری ئاشتەوایی و ئاسایش و سەلامەتییە بۆ ناوچەکە و جیهان بەگشتی.

لیژنەی بالای فەتوا

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان

هەولێر: ٢٦ / زی الحجە ١٤٣٨ کۆچی

١٧/ ئەیلول ٢٠١٧ زاینی

---

١- الآية ١٠ من سورة الحجرات.

٢- بروانە: صحيح البخاري (١/ ١٢)برقم(١٣) وصحيح مسلم (١/ ٦٧) برقم (٤٥) من حديث أنس (رضي الله عنه).



ناونیشان: هەولیر ـ شەقامی ٦٠مەتری ـ بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان

www.zanayan.org

العـنوان : إقليم كوردستان ـ اربيل ـ الشارع الستيني ـ مقابل البرلمان